حکومەتی هەرێمی کوردستان

زانکۆی سەلاحەدین

کۆلێژی ئەدەبیات

بەشی کۆمەڵناسی/قۆناغی دووەم- کۆرسی یەکەم

زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# کۆمەڵناسی ئایین

# Religion and culture

# ئایین و کولتور

Dilshad Siamand

- PHD Salahaddin university/ hawler

MSc University of Southampton/England

2022-2023

# ئامانجەکانی ئەم وانەیە

- کولتوور چیە
- پەیوەندی نێوان کولتوور و ئاین
- خالە لێکچووەکانی نێوان کولتوور و ئاین
- خالە جیاوازەکانی نێوان کولتوور و ئاین

# کولتوور چیە

- لە کۆمەڵناسیدا، کولتوور، زۆر پێناسەی بۆ کراوە .لە نێو لە هەموو پێناسەکاندا، گرنگی بەوە دراوە کە کولتوور کۆمەڵگایەک بەهەموو پێکهاتەکانیەوە لە کۆمەڵگایەکی دیکە جیادەکاتەوە .لە کورترین پێناسەدا دەتوانرێت وا دابنرێت کە کولتوور کۆی ژیانی کۆمەڵگاییێکە.
- کولتوور دابەش دەکرێتە سەر دووجۆر لە توخمەکان کە ئەوانیش :یەکەم، توخمە ماددیەکانن کە هەموو ئەو شتە بەرجەستانە لە خۆ دەگرێت کە مرۆڤ دەیانبینێت وەکو (ماڵ و کەرەستەکانی ناوی، شارەکان، دەزگا ئایینەکان، پەرستگایەکان، قوتابخانەکان،دامەزراوە کۆمەلایەتی و فەرمیەکان، کارگەکان، ئامرازە بەکارهاتووەکانی ژیانی ڕۆژانە، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، کەرەستەکان و کۆگایەکانی خۆراک و کەل و پەلەکانی دیکەی کۆمەڵگایەک)، دووەمیان، توخمە ناماددیەکان لە خۆ دەگرێت ئەوانیش وەکو (بیروباوەڕ، بەهایەکان، یاسایەکان، نۆرمەکان، زمان و لەگەل تەواوی شێواز و ڕێگایەکانی پەیوەست بە ئایین، سیاسەتکردن، پەروەردە، ئابووری، هونەر بەهەموو جۆرەکانیەوە و فەلسەفە)
- لە کۆمەڵگایەکانی مۆدێرندا، لێکچوون لە نێوان توخمەکانی کوولتور هەیە .زۆر هۆکار هەن بۆ ڕوودانی ئەمە لەوانە سیستەمی سەرمایەداری و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و زۆری دیکە کە کۆمەڵگایەکانی لێکنزیکردۆتەوە بەلام هۆکارە سەرەکیەکە بریتیە لە هەبوونی پرۆسەی جیهانگیری کە جیاوازی توخمە کوولتورییەکانی نێو کۆمەڵگایەکانی جیهانی کەمکردۆتەوە.

# لێکچوونی ئایین و کولتوور

- یەکەم :کولتوور، هەموو توخمە مادی و نامادیەکانی کۆمەلگایەک لە خۆدەگرێت، تەنانەت ئایینیش توخمێکی نامادی کولتوورە بەڵام ئایین خاوەنی هەندێک تایبەتمەندیە زۆرجار خالی لێکچووی هەیە لەگەل کولتوور. بۆ زیاتر ئاوێتەکردنی ئایین و کولتوور، ئەگەر کولتوور خاوەن رەگێکی وەها بەهێز و کاریگەر بێت کە کۆمەلگایەکان لێکجیا دەکاتەوە، دەبێت ئایینش خاوەن کاریگەریەکی بەرچاو بیت لەکۆمەلگایەکاندا بەدرێژایی مێژوو. بۆ نموونە، فیۆرباخ پێیوایە مرۆڤ ئایینی دروستکردووە، لە دەرئەنجامی گەشەی کوولتوری؛ کە ئایین  پێکهاتووە لە بیروباوەر و بەهایەکان.

- دووەم: ئایین و کولتوور پەیوەندیەکی زۆر پتەویان هەیە یاخود لە هەندێک خالدا، ئاوێتەی یەکتر بوون. بۆ نموونە،  بەهەمان شێوەی  ئایین، کولتووریش پێکهاتووە لە کۆمەلێک بیروباوەر و رێورەسمی ئایینی کە کۆمەلگایەک نیە بەبێ ئەمانە.  پەیوەندی نێوان ئایین و کولتوور، پەیوەندیەکی بەهێزە و رەگێکی کۆمەلایەتی کۆنیشیان هەیە وەکو دوانە وان بەیەکەوە گەورە دەبن. کەواتە بەوەی کە کۆمەلگا نیە بەبێ ئایین و کولتوور ؛ بەهەمان شێوەی یەکتر هەریەکەیان لە کۆمەلێک بیروباوەر پیکهاتووە و لەهەندێک شوێندا ئاوێتەی یەکتر دەبن وەکو ئەوەی زۆرجار بۆنەی ئایینی و بۆنەی کۆمەلایەتی جیاوازییەکیان نیە.

- سێیەم: هەر یەکە لە ئایین و کولتوور، تایبەتمەندی جیا جیا یان هەیە؛ لە هەندێکیان هاوبەشیەکی تەواو هەیە. ئایین، هەلگری هەندێک تایبەتمەندی باوە لەوانە؛ بیروباوەرێکە کە بەوەناسراوە کە گەوەرەتر و بەهێزترە لە تاک و کۆمەلگە خۆجێیەکان( Community)، لەگەل هەبوونی هۆش و هەستێک لە رێزگرتن، ترسێکی زۆر، خۆشەویستی، سوپاسگوزاری لە هێزەکەیدا؛ لەگەل دروستکردنی هەستێکی روون وئاشکرا و هەبوونی ئەرکی دیاریکراو و کۆمەلێک یاسا بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، کە لەم رێگەیەوە، ئایین هێز بەدەستدێنێ. کولتووریش هەلگری هەمان ئەم تایبەتمەندیانەی ئایینە. ئایین لە رێگەی دروستکردنی بۆچونێکی وەها کە ئایین لەسەروی تاکەوەیە و کۆمەلێک ئەرک و یاسای هەیە کە لەم رێگەیە هێز دەسەپێنی، کولتووریش بەشێوەیەکی رێژەی هەلگری هەمان ئەم تایبەتمەندیانە. بۆ نموونە،  کولتوور هەولدەدات، کۆی تاکەکانی کۆمەلگایەک بخاتە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و جیا لە کۆمەلگایەکی تر؛ هەلگری هەمان هێزە کە تاکەکان پەبەند بکات بە یاسا و رێسای تایبەت. لەمەش زیاتر، کولتوور، کۆمەلێک یاسا و رێسا بۆ تاک دروستدەکات و پابەندیان دەکات پێیانەوە و رێچکەی ژیانی کۆمەلگایەک دیاریدەکات.  هەر بۆیە بیلج لە توێژینەوەکەیدا دەلێت: ئایین ناوەرۆکی کولتوورە

# جیاوازی کولتوور و ئایین

- یەکەم: ئایین وەکو توخمێکی نامادی کولتوور لە هەندێک بابەتدا جیاوازە لە کولتوور لەوانە، ئایین، ئامرازێکە بۆ کۆنترۆلی کۆمەلایەتی. لەم بارەیەوە، لە درێژەی ئەو توێژینەوە و لێکدانەوانەی دورکهامینیانەی Durkheimian approach، کە لە بارەی ئایینەوە کردوویانە، پێیان وایە کە یەکێک لە فرمانەکانی ئایین بریتیە لە کۆنترۆلی کۆمەلایەتی، لەرێگەی سزا و پاداشت، پێدانی ئەرک و هەبوونی ماف، ئایین هەولدەدات ببێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ کۆنترۆلی کۆمەلایەتی. یاسا و رێسا و ئەرکەکانی هەر ئایینێک، هەولێکە بۆ سنورردارکردنی رەفتاری کۆمەلایەتی تاک و پابەندی تاک و کۆمەلگا بە ئایینەوە. بۆ نموونە، زۆربەی هەرە زۆری ئایینەکان، سزا و پاداشتی نوسراویان هەیە، بەم شێوەیە کۆنترۆلی کۆمەلگا دەکات و یاساکانی دەسەپێنێ. ئەگەر لەم لایەنەوە، بەراوردێک بکەین لە نێوان ئایین و کولتوور، دەبینین کە ئایین هێزی کۆنترۆلی کۆمەلایەتی زیاترە لە کولتوور، چونکە بەشێوەی رێژەی کولتوور وەکو ئایین سزا و پاداشت دیاری ناکات و هیچ یاسایەکی نوسراوی نیە، لە بەرامبەردا، ئایین لە رێگەی یاسا و رێساکانی سزا وپاداشتی هەیە بەشێوەی یاسای نوسراو.
- دووەم: لە هەندێک بواردا، دەکرێت جیاکاری بکرێت لە نیوان ئایین و کولتوور. یەکێک لەو جیاکاریانە ئەوەیە کە کولتوور هەولدەدات زیاتر پابەندی شوێنێک یان ناوچەیەک یان کۆمەلگایەکی دیاری کراو بێت، بەلام ئایین بەم شێوەیە نیە ( Bonney,2004). کولتوور، هەولدەدات کۆمەلگایەک لە کۆمەلگایەکی تر جیا بکاتەوە بەهۆی ئەو پیکهاتە و توخمانەی کە لە خۆدەگرێت. بۆ نموونە، کولتووری کۆمەلگا رۆژئاوایەکان جیایە لە کۆمەلگا رۆژهەلاتیەکان، تەنانەت لە نێوان هەریەکە لە کۆمەلگا رۆژئاوای و رۆژ هەلاتیەکان جیاکاری هەیە؛ ئەم جیاکاریە کولتوور دەکات. لەبەرامبەردا، زۆربەی هەرە زۆری ئاینەکان، لە هەولی ئەوەدان و لەهەولی ئەوەدابوون، کە لە چەندان کۆمەلگا بلاوببنەوە و تەنها لە چوارچێوەی کۆمەلگایەک یان چەند کۆمەلگایەک نەمێنن.

# سەرچاوەکان


- Bonney, R. (2004). ‘Reflections on the Differences Between Religion and Culture’. *Clinical Cornerstone,* 6(1). PP,220-280.
- Boodin, J.E.(1999). ‘The function of religion’. *Religion,*2(1) 229-278.
- Bruce,S. and and Yearley,S. (2009). The Sage Dictionary of Sociology. London:  SAGE Publications
- Cooey, P.M.(1991). ‘The Tension between Religion and Culture’.  *Buddhist-Christian Studies*, 11 (6), pp. 248-254.
- Ellwood, C.A.(1918).’Religion and Social Control’. *The Scientific Monthly*, 7( 4) ,pp. 335-348.
- Harrison,F. (1983). ‘Relation of Ethical Culture to Religion and Philosophy’. *International journal of Ethics*, 12(8).336-356.
- Giddens, A.(2009). Sociology 6th.  Cambridge: Polity Press.
- Tillich, P.(1946). ‘Religion and secular Culture’. *The Journal of Religion,* 26(2),pp.79-86.
- Thorman, D.J.(1951). ‘The Sociological Concept of Religion’. *The American Catholic Sociological Review*, 12( 3), pp. 148-155.
- Williams, R.H.(1996).’Religion as Political Resource: Culture or Ideology?’ *Journal for the Scientific Study of Religion*, 35( 4), pp. 368-390.

# سەرچاوەی زیاتر


- Hackett, D.G. (1988) Sociology of Religion and American Religious History: Retrospect and Prospect, Journal for the Scientific Study of Religion 4,(17),pp. 461-474.
- Pemberton, P.L. (1960) Sociology of religion: A fifty year Perspective, Journal of Bible and Religion, 2, (28). pp. 238-244.
- Jarrett, W.H. (1974) Sociology and the Religious Prophets: Is the New Wine Any Better?, Sociological Analysis, 4(35) pp.233-239.
- Robertson, R. (1985). Beyond The Sociology of Religion?, Sociological Analysis, 4,(46).pp. 355-360
- Kokosalakis, N. (1985). Legitimation Power and Religion in Modern Society, Sociological Analysis, 4(46).pp. 367-376.
- Beckford, J.A. (1990). The Sociology of Religion and Social Problems, Sociological Analysis, 1(51). pp.1-14
- Williams, H.R.(1996). Introduction: Sociology of Culture and Sociology of Religion, Sociology of Religion, 1(57).pp. 1-5.
- Lemert, C. (1979). Science, Religion and Secularization, The Sociological Quarterly, 4(20).pp.445-461.
- BURDZIEJ, S.(2014). Sociological and Theological Imagination in a Post-secular Society, Polish Sociological Review, 1(186).pp.179-193.
- McGuire, M.B.(1993). Emerging Themes in U.S. Sociology of Religion, Archives de sciences sociales des religions, 83(38).pp.127-139.
- Watts,S.(1952). The Social Significance Of Religion, The Australian Quarterly, 2(24).pp.63-68.
- DOHERTY, J.F(1964). Sociology and Religion: Religious Maturity, Philippine Studies,4(12).pp.681-698.
- DOHERTY, J.F.(1964). Sociology and the Study of Religion, Philippine Studies, 3(12).pp.473-493.
- Flanagan, k.(2001). Reflexivity, Ethics and the Teaching of the Sociology of Religion, Sociology 1(35).pp.1-19.
- Dillon, M.(2003). Handbook of the Sociology of Religion. Cambridge: Cambridge University Press